# فاوڵەکانی دوای ڕێککەوتنی ستراتیژی

**ئیبراهیم عەباس**

هەتا ئەمریکا بەهۆی ڕووخانی سەددام و ئاڵوگۆڕە خێراکانی عێراقەوە، ئاریشەو کێشەی دوو سەرۆکی و برابەشی بوودجەی بۆ (ینک و پدک) چارە نەکرد، تائەو ساتەی بەهۆی تاڵانی شارەکانی عێراقەوە، بەرپرسە حیزبی و سەربازییەکانی یەکێتی وەکو هاوپلەو هاوشانەکانیان لەناو پارتی نەبوون بەخاوەنی چەندین مۆنیکاو خانووو ئاپارتمانی بەرز، کەئەو بەرپرسانەی پارتی پێشووتر بەهۆی کەوتنە ژێر چنگی گومرگی ئیبراهیم خەلیل بەدەستیان هێنابوو، ئەو دوو حیزبە باڵادەستەی کوردستان دوای (5) ساڵ تێپەڕبوون بەسەر شەڕی نەگریسی ناوخۆ، نەک بیریان بۆ پەیمان و ڕێککەوتنامەی ستراتیژی و دوور مەودای نێوانیان نەچووا؟ بەڵکو لەسەر ئاستی سەرکردایەتیشیان وێڕای دەیان دانیشتنی پڕ خۆراکی چەورو پڕ لەشیرنی، هەر لەیەکتری مۆڕ دەبوونەوەو تەنانەت بۆ ئەو خوادرنە دوو قۆڵیانەش (عەزیز محەممەد)ی پیرەمێردی نەخۆشی بەساڵاچوویان، ئەزیەت دەداو لەهەولێرەوە بۆ شەقڵاوەو دوکان و سلێمانییان دەبرد. کەباوەڕناکەم ئێستا ئەو پیرەمێدە خەباتکارە خوێنشیرنە کەس لەبیری مابێت.

وەلێ بەکوێرایی چاوی ناحەزان، بەرەکەتی ئاڵوگۆڕەکانی عێراق بەهۆی کردە سەربازییەکانی ئەمریکا ئەگەر بەپێچەوانەی خواستی لەمێژینەی خەڵکی، کوردی بەش مەینەتی نەکرد بەدەوڵەت، خۆ هیچ نەبێت کەشێکی برایانەی وای بۆ سەرکردایەتی پارتی و یەکێتی هێنا تا بە ' مورتاحی ' و بەدڵێکی پڕ لەبڕوا، بیر لەپەیمانی ستراتیژی هاوبەشی دوورمەودا بۆ دابەشکردنی پۆست و پارەی حکومەت و تەنانەت بۆ دابەشکردنی پۆستی هەرەمی ڕێکخراوەکانی بەناو کۆمەڵگای مەدەنی لە(پیشەوەرو پیشەکاران و قوتابیان و ژنان و...هتد) دانێن، لەو دابەشکارییەش هێندە تەباو برابن ، تائەو ئەندازەیەی بێئەوەی تۆزقاڵێک دڵگرانی لەنێو سەرکردایەتی ئەو دوو حزبە دانێ . بەڵام ئایا ئەو هاوبەندی و هاودەنگییەی بەردەوام دەهۆڵی بۆ دەکوترێ بەخەیاڵاتی مزەی خۆشەوە دەرخواردی جەماوەری ( بەئاگا )ی(بێدەسەڵاتی) کوردستان دەدرێت، گەر لەئاستی سەرکردایەتی ترازا بۆ لق و مەڵبەندو ناوچەو کۆمیتەکان، چۆن پراکتیزە دەکرێت؟و چۆن دەیان فاوڵی لێدەکرێت؟ ئایا ئەو ڕۆحیەتە پڕ لەخۆشحاڵییەی بەخواردنی بەلەزەتی چەورەوە لەسەرکردایەتییەکانیان دەکرێت؟ گەر شۆڕبۆوە بۆ خوار سەکردایەتیش هەمان واتای دەبێت؟ ئەوەیان مەگەر خوا ئەگەرنا ڕەنگە کەس سەری لەو دووفاقی و دەپێوەرییە دەرنەچێت و کەسیش نییە لەئاستی سەرکردایەتی خۆ بەکارێکی واوە هیلاک بکات!.

ئەوە چش لەوەی پارێزگاکانی کوردستان بەگوێرەی دەرەنجامەکانی دوا شەڕی براکان لە' 1997 'ەوە دابەشن و تا ئێستا هەزاران کەس و خانەوادەی هەردوولای شەڕکەر هی پارتی لەهەولێرو ئەوانەی یەکێتی لەسلێمانی گیریان خۆاردوەو تۆزقاڵێک دڵیان بەپەیمانە ستراتیژییەکانی پۆست و پارە دابەش کردنەوە خۆش نییە، چونکە ئەو ڕۆحێتەی شەڕی ناوخۆی پێ هەڵگیرساو دەرناچەمە تاڵەکانی ئەو شەڕە دەیان کەسی بەناهەق ڕاماڵی، لەدڵی ئەو خەڵکە دەرنەکراوە. نەک هەرئەوە بگرە تەنانەت هەوڵێک نەدراوە ئەو خەڵکانە کەپاشماوەی شەڕی ناوخۆن، هیچ نەبێت بەسەر بەرزی بۆ ئەو ناوچانەی خۆیان کەلێنان ڕاکردووە، یان بەدەرەوە نراون بگەڕێنەوە، مەگەر ئەو کاتانە نەبێت تف لەڕابردووی خۆیان بکەن. کەمنین ئەو کەسانەی لەهەردوولای شەڕکەر،

بەتایبەتی پێشمەرگەی پارتی، دوای ئەوەی خاڵی هاوبەندی و کاری سەرکردایەتی یەکێتی و پارتی، لەئێستادا پەڵەی گومانی سەرهەڵدانەوەی شەڕی ناوخۆی لێهەڵماڵراوە، ترسی گرتن و ماڵتاڵان و کوشتنیان لەهزر ڕامالرا، بەسەر شۆڕی بەشۆفێری تەکسی و شوتی فرۆشی گەڕانەوە ئەو جێگایانەی لەسەر مانەوەی دەسەڵاتی ئەم دوو حیزبە لێ بەدەرنرابوون و ماڵتاڵان و باوک و براو کوڕ کوژراوبووبوون. ئاخر گەلۆ ئەوە چ هاوبەندی و پەیمانێکی ستراتیژییە خەڵکی ڕەش و ڕووت و قوربانی بەخشی پێ بکرێتە ژێر پێوە، تەنها جیاوازیەک ئەگەر هەبێت ئەوەیە دوێنی خەڵک لەبەر ئەوی پارتی بوو لەلایەن یەکێتییەوە، یان یەکێتی بوو لەلایەن پارتییەوە لەژێر دەست و پێ بوو، بەڵام ئێستا لەژێر سایەی ڕێککەوتنی ستراتیژی( ینک و پدک )،خەڵک لەژێر پێی هەردوو سەرکردایەتییە!

ئەوەی ڕاستی بێت پەیوەندی و هاوبەندی ڕێکەوتنی ئەو دوو حیزبە بۆ ئەوە نین دڵی جەماوەری پێ خۆش و خزماتیان بکەن،تا هەنگاوێک لەئاوەدانی و خوشگوزەرانی خەڵکی قوربانی بەخش و زەحمەتکێشی کوردستان بکەن، بەڵکو ئەوەی لای ئەمان گرنگە لەسەر ئاستی سەری سەرەوە ئەوەندە ڕێک بن، بەسانایی ببنە شەریکە بازرگانی یەکتری لەناوچەکانی یەکتریداو ئەو ساتانەش لەدانیشتنە دۆستایەتییەکان بەیەک دەگەن، خوانەخواستە لەلایەن یەکێک لەسەرکردایەتییەکانی هەردوولا، قسەیەک، هێمایەک، هەڵوێستەیەکی وانەکرێت، خواردنی،خواردنەوەو خواردنە بەلەزەتەکانیان لێ تاڵ بکات و، بەنۆشی گیانیان نەکەوێت!.

گەر بخوازین دەکارێن دەیان فاوڵ و ئۆفسایت و پەنارتی لق و مەڵبەندەکان و خوار ئەوان ڕیز دەکەین و ئەو شتە پوچانە دەژمێرین کەلەهەڵبجەو شارەزوور ئاواکردنی بینانی پارتی و لەئامێدی و بادینان کردنەوەی مەڵبەندی پێ ڕادەگیرێ و، لەقەڵادزێ لەسەر خانوو بەکرێدان بەپارتی حاکمی سەوزی یاسا سەروەر لەئێوارەو دوای دەوام لەگەڵ مەفەرەزەی پۆلیسدا لەماڵی خاوەن ماڵ، لەکچ و کۆڕێکی (13و 14) ساڵ دەدرێ و، دوور لەداب و نەریتە ئەو دەڤەرە بەشەوکچێکی (13) ساڵی لە ئاسایش پێ بەند دەکرێت و، ئەمەو دەیان ئەو هەواڵانەی کەڕۆژنامەکان و ماڵپەڕەکان لەسەر شتی زۆر پڕوپچ لەشارو شارۆچکەکان دەیان وروژێنن. وەلێ بالەگەڵ خوێنەری هێژا گەشتێکی بەسوێ بۆ ناو لاپەڕە (2)ی تازەترین ژمارەی (331)ی ڕۆژنامەی هاوڵاتی بکەین. تا فاوڵ نا، بەڵکو کردەیەکی جەرگهەژێنی دەڤەرێکی  ژێردەستی ینک نا، هەروەک لەژێر قەڵمڕەوی پارتیش نا، کەوا بەش کراون، دابەش کردنەوەیان نەوێ، بەڵکو شارۆچکەی پردێی (تازە ئازادبوو) بکەین و بەکارێکی تری ناوازە ئاشنابنین.

ڕۆژنامەی ناوهاتی لەسەردێڕدا دەنووسێ ' لەسەر ڕەنگی زەردو سەوز پڕۆژەیەک ڕادەگرن "  داوترو لەناوەرۆکدا هاتووە، ' ماوەیەک پێش ئێستا لەناحیەی پردێ، بەهۆی ڕێکنەکەوتنی هەردوو کۆمیتەی یەکێتی و ناوچەی پارتی لەسەر دانانی محاجەرەی پردێک کەدەبێت نیوەی زەدرو نیوەی سەوزبێت، کێشە دەکەوێتە هەردوولاو لەئەنجامی کێشەکەدا بەڵێندەری پردەکە ئیش و کارەکانی بەجێدەهێڵێت و پردەکە تەواو ناکرێت ' بەلای خۆمەوە حەیفە بەو سەخافەتە بگوترێت نوکتە، هەقە تێر بۆ ئەو عەقڵیەتە دواکەوتووەی خۆمان بگرین، ئاخر خوێنەری هێژا بێنە بەرچاوی خۆت ناوچەیەکی تازە ئازادبوو، دوای ئەوەی هێزەکانی بەعسی لێڕامدرا، بەقەولی کوردەواری لەلایەن هاونیشتمانە کوردەکانەوە کسک دراو داروبەردی تاڵانکرا، جیا لەوەی یەکێتی و پارتی هیچیان بۆ ئاوەدانی و خزمەت بۆ ئەو شارۆچکەیە نەکردووە، بەرپرسی ناوچەو کۆمیتە تا دڵسۆزی خۆیان

**لەسەر حیسابی جەماوەری بەشەرەفی شارۆچکەی پردێ بۆ حیزبەکانیان پێوە بکەن و لەسەرکردایەتیش ماستاوێکی پێوەبخۆن، لەسەر تۆزە ڕەنگێک، پردێک کەلەسەر بودجەی خۆیان نا بەڵکو لەسەر بودجەی حکوومەتەکەی کاک مالکی عەرەبی شیعە کراوە، ڕادەگرن و نایەڵن کارەکانی بەکۆتا بگا!؟. جیالەوەی سەرچاوەیەک لەپولیسی پردێ ئەو هەواڵەی بۆ ڕۆژنامەی هاوڵاتی پشتڕاستکردۆتەوە، سەرچاوەیەکی تریش بەو ڕۆژنامەی ڕاگەیاندووەکە؛ " بۆ چارەسەرکردنی کێشەکەو دیاریکردنی ڕەنگی محاجەرەی پردەکە، بڕیاردراوە ئەم بابەتە ببرێتە بەڕێوەبەرێتی ڕێگاوبانی کەرکوک " ئاخر گەر ئەوە کارێکی ئابڕو بەرنەبێت دەبێت چ کارێک هێندەی ئەو کارەی ناوچەو کۆمیتەی ئەو شارۆچکەیە ئابڕۆبەربێت؟!.**

**دەبەهەرچی پیرۆزو پاکە سوێند دەخۆم، ئەگەر ئەو بەڕێوەبەرایەتییەی کەرکوک لەدەست عەرەبەهاوردەکان، یان تورکمانە خاینەکانی سەر بەتورکیاش بێت هێشتا لەڕوویان نایەت لەسەر تۆزە ڕەنگێک پردێک بۆ دەڤەرێک بەکۆتا بگاو دانیشتوانی دەڤەرەکە دەستەوەستان بکات.**

2007/6/22